دەستی مافی مرۆڤی هەرێم سەردانی داستگیرکراوانی شکۆی لالەزاریان کرد

دەستی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێم رایگەیاند، ئەمڕۆ یەکشەممە، سەردانی داستگیرکراوانی شکۆی لالەزاریان لە زیندانی کانی گەمەی سلێمانی کردوو دەڵێت، لاهور شێخ جەنگی و پێشاد شێخ جەنگی هەریەکەیان بەتەنیا لە ژورێکدا زیندانی کراون و تەندروستی سەرجەم زیندانیان باشە.

دەستی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێم، لە راگەیەندراوێکدا وتی، ئەمڕۆ یەکشەممە، شاندێکی باڵای دەستکەیان بەسەرکایەتی مونا یاقۆ، سەرکی دەستە سەردانی گرتوخانەی کانی گەمەیان کرد لەشاری سلێمانی.

ئاوەشی خستتەرو، شاندەکە بەجیا سەردانی هەریەک لە لاهور شێخ جنگی و پێشاد شێخ جەنگیە-یان کرد کە هەریەکەیان بەتەنیا لەژوریک زیندانین، دواتر سەردانی زیندانیانی تری شکۆی لالەزاریان کرد.

ئاماژەی بەوەشداوە، تیمی دەستە بەدواداچونیان کرد بۆ هۆوشی تەندروستی و شوێنی مانەوەی زیندانیان و بگشتی تەندروستی سەرجەم زیندانیان باشەو کەسوکاریان سەردانیان دەکەن و ئەوانەی داوای

پارێزەریان کردوە بەیان دابین کراوە و ئەوەی داوای نەکردوە بەئارەزوی خۆی ڕەتی کردەتەوەو هەروەها ڕەگەشیان پێدراوە تەلەفۆن بۆ کەسوکاریان بکەن.

دەستەی مافی مرۆڤ هەمای بۆ ئەوەش کردوە، ئەو زیندانیانەی لە ڕەوداوەکانی لالەزار دەستگیرکرابون کەپێشتر لێدڕە تیرۆر بون، گوازراونەتەوە بۆ زیندانی ئاسایشی کانی گەمە کە ژمارەیان ئێستا زیاترە لە 200 زیندانی .

ئەوەشی وتوە، لێدوای ڕوداوەکانی شەڕی لالەزارەوە تا ئێستا کەیسەکان یەکلانەکراونەتەوە، بەیەک زیندانیان داوای یەکلاییکردنەوەو جیاکردنەوەی کەیسەکانیان دەکەن بەڕێگای دادگا و لێکاتێکی دیاری کراودا.

دەستەی مافی مرۆڤ، وتوشیەتی، بەئەرکی خۆیانی دەزانن بەدواداچون بۆ هەرکەیس و بابەتێک بکەن لەهەر شوێنێک بێت و لەنزیکەوەش چاودێری ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و زیندانیان دەکەن و جەختیشی کردەتەوە کە پشتگیری لە زو یەکلاییکردنەوەی دەسیەی ئەو زیندانیانە دەکەن لەچوارچێوەی ڕێکارە یاساییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤ.